



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان


# ئاماری یەکە گەشتیاریەکان لە هەرێمی کوردستان

# 2013 - 2020

بەشی ئاماری بازرگانی

ئاب 2024

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ئاماری یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان

# 2013-2020

بەشی ئاماری بازرگانی

ئاب 2024

© ئاب 2024

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

لەکاتی لێوەرگرتنی زانیاری لەم ڕاپۆرتە تکایە وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیارکراوە ئاماژەی پێبکە:

دەستەی ئاماری هەرێم 2024، بەشی ئاماری بازرگانی، ڕاپۆرتی ئاماری یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:

ناونیشانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی: www.krso.gov.krd

پۆستی ئەلیکترۆنی: Contact@ krso.gov.krd

مۆبایل: 07508963143

زنجیرە: 85

## پێشکەشە

بەهۆی دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بە دیمەن و سروشتی جوان و هەبوونی شوێنەوار, گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەم هەرێمە دەکەن. کەرتی گەشتیاری بەشێکی گرنگ لە ئابووری هەرێمی کوردستان پێك دێنێت, بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە زیاتر گرنگی بەم کەرتە بدات لەڕێگەی کردنەوەی دەستەی گشتی گەشتیاری بە مەبەستی ڕاکێشانی کۆمپانیای گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی و سەرمایەداران بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری.

هەبوونی داتایەکی دروست و باوەڕپێکراو ڕۆلێکی بەرچاوی هەیە لە سەرخستنی هەر پرۆژەیەك. هەربۆیە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەو هەوڵەدایە کە زانیاری و داتای فرە لایەن بخاتە بەردەست پلاندانەران و بڕیاردەران بۆ سەرخستنی پرۆژەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان لە پێناو بەرژەوەندی وڵات. کەرتی گەشتیاری یەك لەو کەرتانەیە کە ڕۆلێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی ئابووری هەر وڵاتەك لە ڕێگای ڕاکێشانی پارەی بیانی و دروستکردنی هەلی کار و بەشداری لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێوەبەر و کارمەندانی بەشداربووی ئەم ڕووپێوەی دەکات لە دەستەی ئامار و ئاماری پارێزگاکان کە بە هەول و ماندوبوونی ئەم بەڕێزانە توانرا ئەم ڕووپێوە بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە ئەنجام بدرێت. هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی دەستەی گشتی گەشت و گوزاری هەرێم و دەستەی پارێزگاکان دەکات کە هاوکارمان بوون لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە. سوپاسی بێپایان بۆ هەموو خاوەن یەکە گەشتیارییەکان کە هاوکار بوون لەگەڵ تیمەکان لە پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان.

## ناوەڕۆك

پێشکەشە ..... I
لیستی خشتەکان ..... III
لیستی هێلکارییەکان ..... IV
پێشەکی ..... 1
ئامانج ..... 2
پێناسەکان ..... 2
دەرەنجامەکان ..... 4

## لیستی خشتەکان

خشتەی 1: ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری بە پێی جور و گرۆپ لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2013-2020................. 4
خشتەی 2: کۆی گشتی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2013-2020 ............................. 5
خشتەی 3: ژمارەی چێشتخانە و چایخانەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی گرۆپ (ئەستێرەدار و مللی) بۆساڵانی 2013-2020 ........................................................................................................................... 6
خشتەی 4: ژمارەی ژوور و قەروێلە لە یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2013-2020 .................... 7
خشتەی 5: ژمارەی یەکە گەشتیارییەکانی ئەستێرەدار, چێشتخانە و چایخانە, ژوور, قەروێلە, ژمارەی گەشتیار و توانای وەرگرتن لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵانی 2018, 2019 , 2020 .............. 8
خشتەی 6: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە 2013-2020 ........................................................................................................................ 14
خشتەی 7: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار بۆ ساڵانی 2013-2019................ 17
خشتەی 8: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵانی ........... 18
خشتەی 9: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لەساڵی 2020 ........................................................................................................................ 19

## لیستی هێلکارییەکان

هێلکاری 1: بەراووردی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە پێی جوری یەکەی گەشتیاری لە 2013 -2020 ........................................................................................................................................ 4
هێلکاری 2: بەراووردی ژمارەی گشتی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013 -2020 ........... 5
هێلکاری 3: بەراوردی چێشتخانە و چایخانەکانی ئەستێرەدار و مللی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2020 6
هێلکاری 4 : بەراووردی ژمارەی ژوور و قەروێلە لەیەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی............... 7
هێلکاری 5: بەراووردی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە 2018,2019 و2020 ........................................................................................................ 9
هێلکاری 6: بەراوردی ژمارەی هۆتێلی ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020 ........................................................................................................ 10
هێلکاری 7: بەراوردی ژمارەی مۆتێل/ شووقە (ئەستێرەدار) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020 ........................................................................................................ 11
هێلکاری 8: بەراوودی ژمارەی گوندی گەشتیاری ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020........................................................................................................ 12
هێلکاری 9: بەراوودی ژمارەی چێشتخانە و چایخانەکانی ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020........................................................................................................ 13
هێلکاری 10: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە نێوان 2013-2020 ................................ 14
هێلکاری 11: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ...... 15
هێلکاری 12: ڕێژەی سەدی دابەشبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی2020........................................................................................................ 16
هێلکاری 13: ڕێژەی سەدی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2019 ... 16
هێلکاری 14: بەراووردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار بۆ ساڵانی 2013-2020 .......... 17
هێلکاری 15: ڕێژەی سەدی دابەشبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە ساڵی 2020 .. 18
هێلکاری 16: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020........................................................................................................ 19
هێلکاری17 : بەراوردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2020 ........................................................................................................ 20
هێلکاری 18: بەراووردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2020 ........................................................................................................ 20

## پێشەکی

کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری هەژمار دەکرێت بەتایبەتی لە دوای ساڵی 2009 کە هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیاد بوون کرد. بە هۆی هاتنی گەشتیار و پێویستیان بە شوێنی مانەوە, یەکە گەشتیارییەکان دامەزران و ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون کرد. پێویست بوو کە داتایەکی ڕاست و دروست هەبێت لە سەر ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان و جۆرەکانیان و هەروەها ژمارەی گەشتیاران و توانای وەرگرتنی گەشتیار لەم شوێنانە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم شوێنانە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتی ڕێکبخرێن. لە ساڵانی 2009, 2012, 2013 ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان ئەنجامدرا و دوا ڕووپێوی یەکەکانی گەشتیاری لە ساڵی 2016 ئەنجامدرا و بەهۆی گرفتی دارایی نەتوانرا بەردەوامی بە ڕووپێوەکان بدرێت. ئەوەی ئێستا لەم ڕاپۆرتە دەخەینە ڕوو داتای ساڵەکانی 2013-2020 کە داتاکانی لە دەستەی گشتی گەشتیاری وەرگیراوە.

## ئامانج

ئامانج لەم ڕاپۆرتە خستنەڕووی داتای ئامارییە سەبارەت بە کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو بۆ هەموو ئەو کەس و لایانانە کە بە جۆرێك پەیوەندیدارن بە کەرتی گەشتیاری بە مەبەستی دانانی پلان و دەرکردنی بڕیاری دروست بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان وەك ئامرازێك بۆ گەشەپێدانی ئابووری.

## پێناسەکان

**یەکەی گەشتیاری:** ئاماژەیە بە شوێنی حەوانەوەی گەشتیار لە ماوەی گەشتەکەیدا کە پێك دێت لە ئوتیل, مۆتێل, شووقە و کۆمەڵگای گەشتیاری. لە هەرێمی کوردستان, یەکەی گەشتیاری بە پێی پۆلێنی خوارەوە دابەشکراوون:

**ئەستێرەدار**

بە پێی قەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو دابەش دەکرێن بە سەر:

- **پلەی نایاب :** ئەو شوێنانەی هەڵگری پێنج ئەستێرەن
- **پلەی یەکەم:** ئەو شوێنانەی هەڵگری چوار ئەستێرەن
- **پلەی دووەم:** ئەو شوێنانەی هەڵگری سێ ئەستێرەن
- **پلەی سێیەم:** ئەو شوێنانەی هەڵگری دوو ئەستێرەن
- **پلەی چوارەم:** ئەو شوێنانەی هەڵگری یەك ئەستێرەن

**بێئەستێرە (مللیی)**

ئەم شوێنانە, هەروەك لە ناوەکە دیارە هەلگری ئەستێرە نین.

**هوتێل:** شوێنگرەوەی حەوانەوەی خەڵکانێکە لە جیاتیماڵی خۆیان کە هەموو پێداویستیەکی تێدایە وەکو قەروێلە بۆ نووستن، خواردنگە, گەرماو و ئاودەست. هوتێل لە نهۆم و ژووری زۆر پێك دێت. لەهەرێمی کوردستان, هوتێلەکان بە پێی قەبارە و جۆری خزمەتگوزارییەکان پۆڵین دەکرێن لە یەك ئەستێرە تاکو پێنج ئەستێرە.

**مۆتێل:** دامەزراوەیەکە بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ڕێبواران لە سەر ڕێگاکانی دەرەوەی شار کە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلی تیایە. بە پێچەوانەی هوتێل, مۆتێل لە یەك یان دوو نهۆم پێك دێت و خزمەتگوزارییەکانی کەمترە بە بەراوورد بە خزمەتگوزارییەکانی هوتێل. لە هەرێمی کوردستان مۆتێلەکان لە ناو شارەکانن و بە پێی جۆری خزمەتگوزاری پێشکەشکراو پۆلێن دەکرێن.

**شووقەی گەشتیاری:** دامەزراوەیەکی بازرگانیە بۆ دابین کردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ڕێبوارەکان لەگەڵ دابین کردنی شوێنی خواردەمەنی و خزمەتگوزاری. شووقەی گەشتیاری بە پێی جۆری خزمەتگوزاری پێشکەشکراو پۆلین دەکرێن.

**کۆمەڵگای گەشتیاری:** ئەم کۆمەڵگایانە پێك دێن لە کۆمەڵێك خانووی گەشتیاری و تێدا جۆرەها خزمەتگوزاری حەسانەوە پێشکەش دەکرێن و لە ژێر سەرپەرشتی یەکەیەکی کارگێری تایبەت بەڕێوەدەبرێن و بەپێی جۆری خزمەتگوزاری پێشکەش کراو پۆلین دەکرێن.

**ژوور:** شوێنێکە لە ناو هۆتێل بۆ حەوانەوە و نووستن کە پێداویستی سەرەتایی گشتیاری تێدایە وەك  قەروێلە, ساردکەرەوە و گەرماو و ئاودەست.

**گەشتیار:** ئەو کەسانەن کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بۆ ماوەیەکی دیارکراو لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر گەشت دەکەن.

**قەروێلە: ئەو** کەرەستەیەیە لە ناو ژوورەکان لە یەکە گەشتیارییەکان بۆ مەبەستی نووستن و پشودانی گەشتیار بەکاردێت.


**چێشتخانە و چایخانە:** دامەزراوەیەکی بازرگانیە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی خواردن وخواردنەوە.

## دەرەنجامەکان

خشتەی 1: ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری بە پێی جور و گرۆپ لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2020-2013

| ساڵ | هۆتێل | | | مۆتێل / شووقە | | | گوندی گەشتیاری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی |
| 2013 | 314 | 213 | 527 | 206 | 76 | 282 | 72 | 0 | 72 |
| 2014 | 385 | 191 | 576 | 248 | 87 | 335 | 75 | 0 | 75 |
| 2015 | 417 | 190 | 607 | 271 | 84 | 355 | 89 | 0 | 89 |
| 2016 | 430 | 190 | 620 | 271 | 84 | 355 | 91 | 0 | 91 |
| 2017 | 434 | 190 | 624 | 279 | 84 | 363 | 91 | 0 | 91 |
| 2018 | 435 | 190 | 625 | 258 | 90 | 348 | 88 | 0 | 88 |
| 2019 | 459 | 190 | 649 | 262 | 89 | 351 | 69 | 0 | 69 |
| 2020 | 420 | 190 | 610 | 230 | 89 | 319 | 52 | 0 | 52 |

هێلکاری 1: بەراووردی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە پێی جوری یەکەی گەشتیاری لە 2013 - 2020





بە پێی داتای دەستەی گشتی گەشتیاری (هێلکاری 1), لە نێوان ساڵانی 2013-2020, لە هەرێمی کوردستان ژمارەی هۆتێلەکان زۆر بەرزترە لە جۆرەکانی تری یەکە گەشتیارییەکان (مۆتێل و گوندی گەشتیاری).

خشتەی 2: کۆی گشتی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2013-2020

| ساڵ | هۆتێل | مۆتێل / شووقە | گوندی گەشتیاری | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 2013 | 527 | 282 | 72 | 881 |
| 2014 | 576 | 335 | 75 | 986 |
| 2015 | 607 | 355 | 89 | 1,051 |
| 2016 | 620 | 355 | 91 | 1,066 |
| 2017 | 624 | 363 | 91 | 1,078 |
| 2018 | 625 | 348 | 88 | 1,061 |
| 2019 | 649 | 351 | 69 | 1,069 |
| 2020 | 610 | 319 | 52 | 981 |

هێلکاری 2: بەراووردی ژمارەی گشتی یەکەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013 -2020





بە پێی داتای دەستەی گەشتیاری (هێلکاری 2), لە هەرێمی کوردستان, لە ساڵی 2017, ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری بەرزترین ژمارەی تۆمار کردووە و نزمترین ژمارە لە ساڵی 2013 و 2020 و 2014 تۆمارکراوە یەك لە دوای یەك.

خشتەی 3: ژمارەی چێشتخانە و چایخانەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی گرۆپ (ئەستێرەدار و مللی) بۆساڵانی 2013-2020

| ساڵ | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | چێشتخانە و چایخانە | | |
| 2013 | 537 | 1,012 | 1,549 |
| 2014 | 643 | 1,015 | 1,658 |
| 2015 | 764 | 1,015 | 1,779 |
| 2016 | 772 | 1,015 | 1,787 |
| 2017 | 799 | 1,015 | 1,814 |
| 2018 | 838 | 1,015 | 1,853 |
| 2019 | 1,343 | 1,015 | 2,358 |
| 2020 | 1,103 | 1,015 | 2,118 |

هێلکاری 3: بەراوردی چێشتخانە و چایخانەکانی ئەستێرەدار و مللی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2020





هێلکاری (3) پێشانددەدات کە ژمارەی چێشتخانەکانی ئەستێرەدار لە دوای ساڵی 2013 ڕوو لە زیادبوون دەکات و لەساڵی 2019 گەشتووە بەرزترین ئاستی خۆی و لە ساڵی 2020 بە ڕێژەی 17.9% نزم بویتەوە بە بەراورد بە 2019. سەبارەت بە چێشتخانە مللییەکان, پاش ساڵی 2013 هیچ گۆڕانکارییەك تۆمار نەکراوە.

### خشتەی 4: ژمارەی ژوور و قەروێلە لە یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2013-2020

| ساڵ | ژوور | | | قەروێلە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی | ئەستێرەدار | مللی | کۆی گشتی |
| 2013 | 14,658 | 3,859 | 18,517 | 34,067 | 9,949 | 44,016 |
| 2014 | 18,573 | 3,839 | 22,412 | 44,504 | 9,938 | 54,442 |
| 2015 | 21,187 | 3,839 | 25,026 | 53,614 | 9,938 | 63,552 |
| 2016 | 23,851 | 3,839 | 27,690 | 61,068 | 9,938 | 71,006 |
| 2017 | 24,228 | 3,839 | 28,067 | 61,172 | 9,938 | 71,110 |
| 2018 | 23,460 | 3,839 | 27,299 | 59,651 | 10,433 | 70,084 |
| 2019 | 23,820 | 3,839 | 27,659 | 60,371 | 10,433 | 70,804 |
| 2020 | 19,758 | 3,839 | 23,597 | 50,480 | 10,433 | 60,913 |

### هێلکاری 4 : بەراووردی ژمارەی ژوور و قەروێلە لەیەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2020





هەروەك دەبیندرێت (هێلکاری 4)، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان ژمارەی ژوورو قەروێلەش نزمبوویەتەوە پاش ساڵی 2017 کە بەرزترین ئاستی خۆی تۆمار کردووە.

خشتەی 5: ژمارەی یەکە گەشتیارییەکانی ئەستێرەدار, چێشتخانە و چایخانە, ژوور, قەروێلە, ژمارەی گەشتیار و توانای وەرگرتن لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵانی 2018, 2019 , 2020


| | ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | کۆی گشتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆتێل | 2018 | 280 | 81 | 70 | 4 | 435 |
| | 2019 | 284 | 98 | 74 | 3 | 459 |
| | 2020 | 279 | 78 | 60 | 3 | 420 |
| مۆتێل | 2018 | 123 | 75 | 58 | 2 | 258 |
| | 2019 | 104 | 108 | 49 | 1 | 262 |
| | 2020 | 93 | 86 | 50 | 1 | 230 |
| گوندی گەشتیاری | 2018 | 43 | 41 | 4 | - | 88 |
| | 2019 | 30 | 35 | 2 | 2 | 69 |
| | 2020 | 17 | 31 | 2 | 2 | 52 |
| توانای وەرگرتن | 2018 | 37,432 | 9,495 | 12,323 | 401 | 59,651 |
| | 2019 | 35,192 | 13,015 | 11,763 | 401 | 60,371 |
| | 2020 | 30,802 | 7,774 | 11,503 | 401 | 50,480 |
| چێشتخانە و چایخانە | 2018 | 372 | 310 | 149 | 7 | 838 |
| | 2019 | 425 | 628 | 260 | 30 | 1,343 |
| | 2020 | 423 | 437 | 221 | 22 | 1,103 |
| ژوور | 2018 | 14,614 | 4,359 | 4,359 | 119 | 23,460 |
| | 2019 | 13,494 | 6,128 | 4,079 | 119 | 23,820 |
| | 2020 | 11,299 | 4,391 | 3,949 | 119 | 19,758 |
| گەشتیار | 2018 | 1,644,942 | 1,007,296 | 358,520 | 46,884 | 3,057,642 |
| | 2019 | 1,983,391 | 1,140,760 | 618,638 | 47,194 | 3,789,983 |
| | 2020 | 630,340 | 61,026 | 150,000 | 4,381 | 845,747 |

هێلکاری 5: بەراووردی ژمارەی یەکەکانی گەشتیاری ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە 2018,2019 و2020





بەگشتی, لە ساڵی 2020, ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 11.13% نزم بوونەوە پیشـــان دەدات بە بەراوورد بە 2019 ( هوتێل بە ڕێژەی 8.49%, مۆتێل و شـــوقە بە ڕێژەی 12.21% و گوندی گەشیاری بە ڕێژەی 2.46%). ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش نزمبوونەوە پیشان دەدات ( پارێزگای هەولێر نزیك بە 6.93%, پارێزگای ســـلێمانی 19.08% و پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی 10.4%). هۆکاری ئەم نزمبوونەوە دەگەرێتەوە بۆ تێکچوونی باری ئابووری بەهۆی قە یرانی دارایی, هەروەها بڵاوبوونەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆ کە ڕێگر بوو بۆ جوڵەی گەشـــتیاری لە ناو هەرێم و لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و دەرەوەی عێراق.

هێلکاری 6: بەراوردی ژمارەی هۆتێلی ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020





لە هێلکاری (6) دیارە, جگە لە ئیدارەی گەرمیان, لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان, ژمارەی هۆتێلەکانی ئەستێرەدار لە ساڵی 2020 بە بەراورد بە ساڵی 2019 بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە ( هەرێمی کوردستان نزیکەی 8.5%, پارێزگای هەولێر نزیك بە 1.8%, پارێزگای سلێمانی 20.4% , پارێزگای دهۆك نزیك بە 19% و ئیدارەی گەرمیان بە بێ گۆڕانکاری).

هێلکاری 7: بەراوردی ژمارەی مۆتێل/ شووقە (ئەستێرەدار) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020





لە هێلکاری (7) دیارە, لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان, ژمارەی مۆتێلەکان لە ساڵی 2020 بە رێژەی 12.21% نزمبۆتەوە بە بەراوورد بە 2019, هەروەها لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیش نزمبوونەوە پێشان دەدات بە رێژەی 10.57% و 20.37% یەك لە دوای یەك, بەڵام پارێزگای دهۆك بە رێژەی 2.04% بەرزبوونەوەی تۆمار کردووە و لە ئیدارەی گەرمیان گۆڕانکاری ڕووی نەداوە. هەروەها گۆڕانکاری دەبینرێت لە ژمارەی مۆتێلەکان لە 2020 بە بەراوورد لە 2018 لە سەر ئاستی هەرێم ( -10.85%) پارێزگای هەولێر (-24.39%), پارێزگای سلێمانی (14.66%), پارێزگای دهۆك (-13.79%) و ئیدارەی گەرمیان (-50%).

هێلکاری 8: بەراوودی ژمارەی گوندی گەشتیاری ئەستێرەدار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020




لە هێلکاری (8 ) دیارە, لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵی 2019, ژمارەی گوندی گەشتیاری لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر و سلێمانی نزمبووتەوە ( هەرێم بە رێژەی 24.6%, پارێزگای هەولێر بە رێژەی 43.3% و پارێزگای سلێمانی بە رێژەی 11.4%) و لە پارێزگای دهۆك و ئیدارەی گەرمیان گۆڕانکاری ڕووی نەداوە. هەروەها, لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵی 2018, نزمبوونەوەی بەرچاو دەبیندرێت لە ژمارەی گوندی گەشتیاری لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان (40.9%) و پارێزگای هەولێر (60.46%) و سلێمانی (24.39%) و دهۆك (50%).

هێلکاری 9: بەراوودی ژمارەی چێشتخانە و چایخانەکانی ئەستێرەدار  لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان سالآنی 2018-2020





لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵی 2019,  ژمارەی چێشتخانەکان و چایخانەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان دابەزینی بەخۆوە بینیوە ( هەرێم بە رێژەی 17.87%, پارێزگای هەولێر بە رێژەی 0.47%, سلێمانی بە رێژەی 30.41%, دهۆك بە رێژەی 15% و ئیدارەی گەرمیان بە رێژەی 26.6%). هەروەها دەبینرێت کە ژمارەی چێشتخانە و چایخانەکان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە 2018 بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوویتەوە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەروها لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیانیش (هێلکاری 7).

خشتەی 6: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە 2013-2020


| پارێزگا | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هە ولێر | 2,029,623 | 937,591 | 579,876 | 776,165 | 996,621 | 1,644,942 | 1,983,391 | 630,340 |
| سلێمانی | 444,807 | 333,478 | 146,498 | 728,823 | 733,358 | 1,007,296 | 1,140,760 | 61,026 |
| دهۆك | 444,414 | 229,630 | 49,639 | 88,390 | 279,875 | 358,520 | 618,638 | 150,000 |
| ئیدارەی گە رمیان | 33,183 | 28,735 | 6,238 | 10,022 | 90,356 | 46,884 | 47,194 | 4,381 |
| کۆی گشتی هە رێم | 2,952,027 | 1,529,434 | 782,251 | 1,603,400 | 2,100,210 | 3,057,642 | 3,789,983 | 845,747 |

هێلکاری 10: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە نێوان 2013-2020





لە هێلکاری (10 ) هاتووە نزمترین ژمارەی گەشتیار کە هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 تۆمارکراوە و ئەم ژمارەیە بەردەوام لە بەرزبوونەوە دایە تاکو ساڵی 2019 و لە ساڵی 2020 بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە بە بەراوورد بە 2019 کە دەکاتە بە ڕێژەی 77.68% لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

هێلکاری 11: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان 2013-2020





لە (هێلکاری 11), لە سەر ئاستی پارێزگاکان نزمترین ژمارەی گەشتیاری هاتوو  بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 تۆمارکراوە و لە ساڵی 2019  لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە  و لە ساڵی 2020 دووبارە نزمبوونەوەیەکی بەرچاوی تۆمارکراوە. لە ساڵەکانی 2013 تاکو 2019, پارێزگای هەولێر بەرزترین ژمارەی گەشتیاری هاتوو تۆمار کردووە و پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك لە ڕێزبەندی دووەم و سێیەمدان, بەڵام پارێزگای دهۆك لە 2020  لە پێش پارێزگای سلێمانی هاتووە و پارێزگای هەولێر هەر لە ڕێزبەندی یەکەم دایە.

هێلکاری 12: رێژەی سەدی دابەشبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان  بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی2020





هێلکاری 13: رێژەی سەدی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان  بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2019



خشتەی 7: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار بۆ ساڵانی 2013-2019

| جۆری گەشتیار | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوخۆ | 459,847 | 273,326 | 171,445 | 383,340 | 420,042 | 611,528 | 757,998 | 92,614 |
| باشوور و ناوەڕاستی عێراق | 1,933,544 | 1,000,762 | 526,962 | 843,949 | 1,302,131 | 1,895,738 | 2,349,789 | 670,873 |
| بیانی | 558,636 | 255,346 | 83,844 | 376,111 | 378,037 | 550,376 | 682,196 | 82,260 |
| کۆی گشتی هەرێم | 2,952,027 | 1,529,434 | 782,251 | 1,603,400 | 2,100,210 | 3,057,642 | 3,789,983 | 845,747 |


هێلکاری 14: بەراووردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار بۆ ساڵانی 2013-2020




لە هێلکاری (14) هاتووە, لە ساڵانی 2013-2020, ژمارەی ئەو گەشتیارانەی کە لە باشور و ناوەڕاستی عێراق هاتوونەتە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزترە بە بەراوورد بە گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی. لە ساڵی 2020, ژمارەی گەشتیار بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بە بەراوورد بە ساڵی 2019 بۆ گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی و باشور و ناوەڕاستی عێراق.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/بەشی بازرگانی

هێلکاری 15: ڕێژەی سەدی دابەشبوونی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە ساڵی 2020





خشتەی 8: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵانی

2018- 2020

| پارێزگا | 2018 | 2019 | 2020 |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 1,644,942 | 1,983,391 | 630,340 |
| سلێمانی | 1,007,296 | 1,140,760 | 61,026 |
| دهۆك | 358,520 | 618,638 | 150,000 |
| ئیدارەی گەرمیان | 46,884 | 47,194 | 4,381 |
| کۆی گشتی هەرێم | 3,057,642 | 3,789,983 | 845,747 |


هێلکاری 16: بەراووردی ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی 2018-2020





خشتەی 9: ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان لەساڵی 2020

| پارێزگا | گەشتیاری ناوخۆ | گەشتیاری باشوور و ناوەڕاستی عێراق | گەشتیاری بیانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 48,830 | 537,503 | 44,007 | 630,340 |
| سلێمانی | 12,205 | 37,836 | 10,985 | 61,026 |
| دهۆك | 30,000 | 93,000 | 27,000 | 150,000 |
| ئیدارەی گەرمیان | 1,579 | 2,534 | 268 | 4,381 |
| کوی گشتی هە رێم | 92,614 | 670,873 | 82,260 | 845,747 |

هێلکاری17 : بەراوردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2020




هێلکاری 18: بەراووردی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری گەشتیار لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2020



وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئاماری هەرێم

www.krso.gov.krd